سەنتکەم: هەرشی ئاسمانییان کردوەتە سەر زیاتر لە 30 ئامانجی تەکخراوی "داعش" لە سوریا

سوپای ئەمریکا جەژی شەممە ڕایگەیاند کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا (شوبات/2)، 10 هەرشی ئاسمانییان کردوەتە سەر زیاتر لە 30 ئامانجی تەکخراوی "داعش" لە سوریا.

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (سەنتکەم) لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردوەتەوە، ئەمریکا لە نێوان 3ی ئەم مانگە تاکو 12ـی مانگ ، "ژەرخان و کەگاکانی چەکی داعشی" بەردومانکردوە. کە ئامانجی هەرشکان "بەردەوامبونی فشاری سەربازییە بە سەر پاشماوەکانی ئەو تەکخراوە تیرەریستییە".

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا دەشڵێت، بەردومانکە بە بەکارهێنانی "چەکی ورد" ئەنجامدراوە کە لەلایەن فڕۆکە، هەلیکۆپتەر و فڕۆکە بێفڕۆکەوانکانەوە هاوژراون.

بەگوترەی "سەنتکەم"، لە ماوەی دو مانگ لە هەرشکاندا، زیاتر لە 50 چەکداری "داعش" کوژراون یان بەدیل گیراون و زیاتر لە 100 پێگەی سەر بەو تەکخراوەش لەناوبراون.